# دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی عیراقی لە فنلاند دەبێت ڕابگیرێت !

هەفتەی ڕابردو ئیدارەی دەرەوەی حکومەتی فنلاند سەرئەنجام بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی هەموو ئەو پەنابەرە عیراقیانەیدا کە تائێستە لەمافی نیشتەجێبوون بەهرەمەند نەبوون ! لەم ڕاگەیاندنەدا کە ڕۆژی هەینی لە ڕۆژنامەی هێلسنکی دا بلاوکرایەوە ئاماژە بەوە کراوە کە لە ئێستەدا وەزارەتی دەرەوە لە پرۆسەی ئامادەکاری گەڕانەوەی پەنابەراندا بۆ شارەکانی هەولێر ، دهۆك ، سلیمانی !

ئەم بڕیارە لە کاتێکدا کە زۆرێك لە ولاتانی ئەوروپا سەرگەرمی بڕیاردانی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردو عیراقین ، کە هەمووومان ئاگادارین لەبەریتانیا کار بەشوێنێك گەشتووە کەتائێستە حکومەتی بەریتانیا سەدان پەنابەری بەزۆر گەڕاندوەتەوە بۆ کوردستان . ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتی بەریتانیا بەهۆی بارودۆخی نائاسای عیراقەوە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتیەکی بەرفراوان بووتەوە لەلایەن دەیان پەرلەمانتاریست و حزب و ڕێکخراوی پەنابەری وئینسان دۆستەوە !

بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی عیراقی لەکاتێکدایە کەخەڵکی عیراق بەنێو تونێلی مەرگدا ژیان دەگوزەرێنن و ڕۆژانە سەدان کەس دەبنە قوربانی تەقینەوەوشەڕوکوشتاری نیوان دووبەرەی تیرۆریستی ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی. بەپێ ئەو زانیاریانەی کە ڕێکخراوەیەکی ئینسان دۆستی ئەمەریکی تۆماری کردوە تاکۆتای سالی پار زیاتر لە 600 هەزار ئینسان لەماوەی سێ ، چوار ساڵی ڕابردودا گیانیان لە دەست داوەو بوونەتە قوربانی ئامانجەکانی ئەم دوو بەرە تیرۆریستە !

هەربۆیە ئەگەر تەنیا لە زمانی ئاماری قوربانیانی شەڕو کوشتاری ئەم چەند ساڵەی ڕابردووەوە سەیری بارودۆخی عیراق بکەین کە ئەمڕۆ بە نائەمنترین ولاتی جیهان لە قەلەم دەدەرێت ، ئیتر هەرجۆرە پاساوێك بۆ دیپورتکردنەوەی پەنابەرانی کوردو عیراقی مایەی شەرمەزاریەکی گەورەیە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و هیچ جۆرە ادعایەك ناتوانێت پاساو بێت بۆ بوونی ئەمنیەت لەم کۆمەلگایەداو ئەگەر چەند شارو شارۆچکەیەکی ناوچەکانی کوردستانی عیراقیش بەهەر ڕادەیەك لە دۆخێکی ئارامتر بەهرەمەندبن ، ئەمە بە هیچ جۆرێك بە مانای ئامنبوونی کوردستانی عیراق نیە !

ئەگەر کوشتارو تەقینەوەو توودتیژیەکانی ڕۆژانەی ناوچەکانی کرکوك وموسڵ هێشتا نەتوانیت گوزارشتێکی هەمەلایەنە بێت بۆ نەبوونی ئاسایش لەزۆرێك لەناوچەکانی کوردستانی عیراق ، ئەوا پەلکێشانی توندوتیژی تیرۆریستان لەزۆرێك لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان بەڕادەیەکە کە ناتوانریت چاو لە ئاستیاندا بنوقێنرێت . ئەوە با لەولاوە ڕاوەستیت کە کوشتارو تیرۆرو خۆکوشتنی هەزاران ژن لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردودا بەرادەیەك گەشتووە کە تەنیا لە شاری سلیمانی ساڵی ڕابردو زیاتر لە 700 ژن کوژراون یاخۆیان سووتاندوەو خۆیان کوشتووە بەهۆی جۆرەها کێشەی سیاسی وکۆمەلایەتی وئابوری وفەرهەنگی یەوە . ئەمە جگە هەوڵی خۆکوشتنی سەدان گەنج تەنیا لە ساڵی ڕابدرودا بەهۆی هەمان ئەو کێشانەوە ...

هەقیقەت ئەوەیە کە دیوێکی تری نا ئەمنی ژیان وگوزارەنی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ماف و ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان و شێوازی مامەڵەو سەرکوتی حزب وحکومەتی دەستەلاتداری ئەم ناوچەیە ، کەتائێستە دەیان جار بە تەقەوکوشتارو زیندانیکردن وەلامی خەڵکی ناڕازی شارو شارۆچکەکانی کوردستانیان داوەتەوەوتەنیا لەشەپۆلێکی دەستگیری کردنی ساڵی پاردا زیاتر لە300 هەڵسوڕاو خەلکی ئازادیخوازو دەیان ڕۆژنامەنووسیان زیندانکردو ناشایستەترین مامەڵە لەگەلدا کردن .

سەرباری هەموو ئەمانە دەبێت ئەوەش بڵێن کە بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی عیراقی بۆ کوردستانی عیراق ، کردەوەیەکی بە تەواوی مانا پیچەوانەو دژ بەو پرۆتۆکۆڵە نیونەتەوەیانەیە کە دەیان ساڵە حکومەتی فنلاند پابەندبوونی خۆی پێیانەوە ڕاگەیاندوە .

بۆیە لیرەدا ئێمە وەك فیدراسیونی سەرتاسەر پەنابەرانی عیراقی داوا لەهەموو حزب و ڕێکخراوە چەپ و ئینسان دۆست و کرێکاریەکان دەکەین کەبەتوندی ناڕەزایەتی خۆیان دژ بەم بڕیارەی حکومەتی فنلاند دەربڕن و ڕێگە بەدیپۆرتکردنەوەی پەنابەران نەدەن بۆ جەهەنمێك کە ڕۆژانە سەدان ئینسان تیدا دەبنە قوربانی شەرو کوشتاری نێوان دوو بەرەی تیرۆریست .

فیدراسیونی سەرتاسەر پەنابەرانی عیراقی

نیسان / 2007

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفونەوە ( 0440464905)